بڵێ: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، اللهُ أَكْبَرُ كَبِيرًا، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ كَثِيرًا، سُبْحَانَ اللهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ)

له سەعدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەعرابیەک هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ووتی: قسەیەکم فێر بکە کە بیڵێم، فەرمووی: «بڵێ: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، اللهُ أَكْبَرُ كَبِيرًا، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ كَثِيرًا، سُبْحَانَ اللهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ)^، ئەعرابیەکە ووتی: ئەم قسانە - زیکرانە- بۆ پەروەردگارمە، ئەی بۆ خۆم چی بڵێم؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «بڵێ: (اللهُمَّ اغْفِرْ لِي وَارْحَمْنِي وَاهْدِنِي وَارْزُقْنِي)^^». ^(واتە: هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە اللە وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، خودا گەورەترین وشکۆدارترینە، حەمد وسوپاسی زۆر بۆ اللە، پاک وبێگەردە ودووڕە لە هەموو کەموکورتیەک پەروەردگاری هەموو جیهانیان، هیچ هێز وتوانایەکمان نیە مەگەر هێز وتوانا ویارمەتیەک لە لایەن خوداوە پێمان ببەخشرێت، خودا شکۆدارە -العزيز-ە، ودانایە -الحكيم-ە)، ^^(واتە: خودایە، لێم خۆش بە وڕەحمم پێبکە وهیدایەتم بدە وڕزقم بدە).

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پیاوێکی دەشتەکی پرسیاری لە پێغەمبەری خودا کرد -صلى الله عليه وسلم- بۆئەوەی زیکرێکی فێر بکات وئەویش بەردەوام بیڵێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: بڵێ: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ : هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە اللە وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە) : سەرەتا بە شاهێدی دان بە تەوحید -بە یەك خوا پەرستی- دەستپێکرد. (اللهُ أَكْبَرُ كَبِيرًا : خودا گەورەترین وشکۆدارترینە): واتا : خوای گەورە لە هەموو کەسێك وشتێك مەزنترە. (وَالْحَمْدُ لِلَّهِ كَثِيرًا : حەمد وسوپاسی زۆر بۆ اللە) : واتا: حەمد وستایشی زۆر بۆ اللە لەسەر سیفەت وکردەوەکانی، ونیعمەتەکانی کە لە ژماردن نایەت. (سُبْحَانَ اللهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ : پاک وبێگەردە ودووڕە لە هەموو کەموکورتیەک پەروەردگاری هەموو جیهانیان) : واتا: اللە پاك وبێگەردە لە هەموو عەیب وکەموکورتیەك. (لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ : هیچ هێز وتوانایەکمان نیە مەگەر هێز وتوانا ویارمەتیەک لە لایەن خوداوە پێمان ببەخشرێت، خودا شکۆدارە ودانایە) : واتا: هیچ حاڵێك ناگۆڕێت بۆ حاڵێکی تر مەگەر بە یارمەتی وسەرخستنی اللە نەبێت. پیاوەکە ووتی: ئەم وشانە بۆ پەروەردگارمە بۆ یادکردنی و بەمەزندانانی، ئەی بۆ نەفسی خۆم چی بڵێم؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: بڵێ: (اللهُمَّ اغْفِرْ لِي : خودایە، لێم خۆش بە) : بە سڕینەوەی گوناهەکان وداپۆشینیان. (وَارْحَمْنِي : وڕەحمم پێبکە): بەوەی سوود وبەرژەوەندییە دونیایی وئاینیەکانم پێ ببەخشیت. (وَاهْدِنِي : وهیدایەتم بدە): ڕێنموێنیم بکە بۆ چاکترین حاڵ و بۆ سەر ڕێبازی ڕاست. (وَارْزُقْنِي : وڕزقم بدە): لە سامانی حەڵاڵ وتەندروستی باش وهەموو خێر وسەلامەتیەك.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6112